به ناوی كوردستانی گەورە!

# بەركەركووكێ، پشت كەركووكێ، دایچێنم بە گوڵە مێكووكێ!

ح. س. سۆران
soran909@hotmail.com

هۆنراوە فۆلكلۆریەكانی زمانی كوردی، بریەتین لە وتەگەلی پڕ واتا، كە لە قووڵایی ئۆقیانووسی مێژوی كۆنی كوردەوە، بە زمانی فەیلەسووفانی بێ ناو نیشانی خۆماڵی، لەسەر شەپۆلی هەناو، قسە لەگەڵ دلماندا دەكەن. ئەم هۆنراونە، بدوێنترین بەردەنووس و پارچمێنت ( پێستە نووس) ی رابوردوی ئێمەن و دەتوانین، مێژو، كۆمەڵناسی، دەروونناسی، داب و نەریت و بەرجەوەندگەلی جۆربەجۆری گەلی كوردیان تێدا بخوێننەوە.

یەكێک لەو هۆنراوە فۆلكلۆریانە ئەمەیە :

**بەركەركووكێ، پشت كەركووكێ**

**دایچێنم بە گوڵە مێكووكێ**

**لەبۆ دەستی زاوا و بووكی**

كە لە زوربەی ناوچەگەلی كوردستانی گەورە – لە هەر هەرێمێک، بە زارەوەی كوردی ئەو مەڵبەندە - لە كاتی بووک هێناندا، بە سەما و هەڵپەڕكێوە، لە بەردەم بووكدا بە گۆرانی دەیانوت ( كە زانستی زاراوە ناسی كوردی بە دڵنیاییەوە پێمان دەلێ، ئەم یەكەیان زاراوەی خەڵكی موكوریانە) .

هەروەک وتم، ئەم هۆنراوە فۆلكلۆریانە، مانای زۆر قووڵیان هەیە. بۆ وێنە لەم هۆنراوەیەدا، وا دەردەكەوێ كە هۆنەری هۆنراوەكە، وای داناوە كە چون كەركووک بووكی تەوای شارگەلی كوردستانە، لە دەوروبەری ئەو شارە شەنگە، گوڵە مێكووک بۆ دەستی بووک و زاوای كورد دادەچەنێ و دەیداتە دەستیان، كە ئەمە بە ناسكترین زمانی دارشتنی مێتافۆرِ ( ئیستیعارە) ، لە شێعر دا، دەزانرێ.

لە پاش ئازادكردنی پاڵەوانانەی كەركووكی پایتەخت، بە هۆی كاوە ئاسنگەرەكانی هێزی دەلالی پێشمەرگەی كوردستانەوە، دووبارە وتنی ئەم گۆرانیە، لە كاتی بووک دابەزاندندا، لە ناوچە جۆربەجۆرەكانی كوردستان، هەڵەسوونێكی زۆری هێناوەتەوە. واتە خەڵكی كوردستان دەڵێن :

پێویستە رامیارانی دڵسۆز و خۆشەویستی كورد، بە چنگ و ددان، ئەم دەستكەوتە مێژوییەی هێزی پێشمەرگەی هێركوولی كوردستان، كەڵە مەیدانی مەتەرێز دا بە بەختكردنی خوێنی گەش بەدەستیانهێناوە، بیپارێزن و لە نێو پاڵوپشتی نەرمی پشت مێزی وتووێژ دا، بە فیرۆ لەدەستی نەدەن.

**كەركووک سەر (پایتەخت) ی كوردستانە - وا باشە نەهێڵین سەری لەشمان بە چەقۆ كولە ببڕن !**

**هەرئەوەندە !**

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆڤونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.